بەش / مێژوو

کۆلێژ / ئاداب

زانکۆ / سەلاحەددین-هەولێر

بابەت / مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

پەرتووکی کۆرس / قۆناغی سێیەم (لقی کورد)

ناوی مامۆستا : جوامێر محمد رشید / ماستەر

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣

پەرتووکی کۆرس
Course Book

1.ناوی کۆرس	
2.ناوی مامۆستای بەر پرس	
3.بەش /کۆلێژ	مێژوو / ئاداب
4.پەیوەندی	ئیمێل : jawameer.rashid@su.edu.krd
5.یەکەی خوێندن) بە سەعات (لە هەفتەیەک	تیۆری : ٢ کاتژمێر
6.ژمارەی کارکردن	رۆژ / 8:30 – 9:30 / 9:30 – 10:30 / 10:30 – 11:30 / 11:30 – 12:30 یەکشەمە دووشەمە سێشەمە چوارشەمە پێنجشەمە
7.کۆدی کۆرس	
8.پرۆفایلی مامۆستا	ناوی تەواو : جوامیر محمد رشید نازناوی زانستی / مامۆستای یاریدەدەر پسپۆری : مێژووی گشتی پسپۆری وورد: کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەراست شوێنی کار : بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین بروانامەی بکالوریوس : ١٩٩٩-٢٠٠٠ / زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو بروانامەی ماستەر : ٢٠١٣-٢٠١٤ ناونیشانی ماستەر نامە : (джон уиклиф и его учение о церкви и государстве) توێژینەوە : بلاوکراوەکان : : -کێشەی جێنشینایەتی قاجار لەنێوان مللملانێ نێوخۆییەکان و کێبرکێی ولاتانی ئەوروپا / گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین .. - رۆژهەڵاتناس بارتۆلد و تێروانینەکانی لەمەر میضژووی شارستانیەتی ئیسلامی/ گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین .. - کوردناسی رووس ئیساك ئۆسیڤۆڤیچ تسوکێرمان(Исаак Иосифович Цукерман)

	(09.05.1909 — 03.02.1998) کاروبەرهەمەکانی کتێب : بلاوکراوە :
.9وشە سەرەکییەکان	

.10ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

پێناسە و پێشەکی کۆرس

مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان لە ماوەی سالانی خوێندنی بەشی مێژوو ئەژمار دەکرێت ، ئەمەش لە سۆنگەی پێگە و هەژمونی سیاسەتی ئەم ولاتە زلهێزەی جیهان لە سەر ئاستی جیهان و کایگەری بە سەر رەوشی سیاسی و ئابووری و تەنانەت رۆشنبیری و کەلتوورییش ، سەرجەم ویستگەکانی مێژووی ویلایەتە یکگرتوەکانی ئەمریکا و قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی تا دەگات بە دۆخی ئەمرۆی شیاوی هەڵوەستە لەسەرکردنە و ئەزموون و وانەی مێژوویی گرنگی تیدایە، بەمەش مێژووەکەی هەر لە دامەزراندن و بنیاتانەنەوە لەدوای دۆزینەوەکانەوە تا سەردەمانی ئەمرۆ بە مێژوو یەکی گرنگ وەسف دەکریت لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی راستەوخۆی بە مێژووی ولاتانی دیکەی جیهان هەیە، بەتایبەت کیشوەری ئەورووپا.

لە راستیدا بە دەرکەوتنی ئەمریکا لە سەر شانۆی جیهان وەك ولاتێکی بەهێزو بە شکۆ وای کرد کە مێژووی جیهانیش بە رێچکەو ئاراستەیکی دیکەدا تێپەڕێت، توانی کاریگەربێت بەسەر رەوتی رووداوەکان هەر لەسەرەتاوەو سیاسەتیکی سەرکەوتوانەی پەیرەو کردوە لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە، لەلایەکی دیکە شەوە چەندین رووداو و پەرەسەندنی گرنگ لە مێژووی ئەمریکادا بونەتە هۆکارو هەوێنی درووستبونی ئەم پێگەو هەژمونەی کە لە جیهاندا هەیەتی هەر لە دامەزراندنی داگیرگەکان لە لایەن ئینگلیزەکانەوەو زیادبوونی لێشاوی کۆچی ئەورووپیەکان بەرەو ئەمریکا تا دەگاتە شۆرش و جەنگی سەربەخۆیی لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٨، هاوکات تێشك خستنە سەر هەندی لە تێوژە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا لە سەردەمی نوێ و کاریگەریان بەسەر جیهانی نوێ و نشینگەکان لەو تەوەرانەن کە بایەخیان هەیە.. دانانی دەستورو سەرەتاکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بنیات نانی دامەزراوە سیاسی و ئابوریە گرنگەکان و هەنگاونان بەرەو ژیانی مەدەنی و بنەماکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا سەرپێکەوتنی شۆرشی کشتوکالی و پیشە سازی بوژانەوەی ئابوری و سەنعەت و تێوژەکانی ئابوری سەرمایەداری و پرۆسەی فراوانخوازی لە سەر ئاستی ویلایەتەکان هەروەها پێشکەوتنی ژیانی حیزبی و رێکخراوەیی و رۆڵی کە سایەتیەکان و دامەزراوەکانی پەروەردە و فیرکردن لە ژیانی گشتی ولاتەکەدا لایەنی گرنگن و بەهای مێژوویی خۆیان هەیە.

ئەمە سەرباری تیشك خستنە سەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا و کاریگەری بە سەر پێگە و

داهاتووی له جیها ندا.. قۆ ناغی جەنگی ناوخۆیی و کێ شەی رەگەزپەر ستی لە سەدەی ١٩، رۆ لی ئەم ولا تە زلهیزە لە سیاسەتی نێو دەولەتی و لە سەدەی ٢٠ بەتایبەتیش لە هەردوو جەنگی یە کەم و دووە می جیهانی لەو بابە تە گرنگا نەن بە ئە ندازەی پێویە ست دەخرێ نە روو.. مـێژووی سیا سی و ئابوری و کۆمەلاٌ یەتی و رۆشنبیری ویلایەتە یەکگرتووەانی ئەمریکا پێویستی بە خۆێند نەوە و را مانی ورد و قول هە یە تا دەگەیـنە سەرەداوەکانی پشت بالادەستی و پێشکەوتنی بەسەر ولاتانی جیها ندا، بێگو مان لەماوەی کۆر سەکەدا ز یاتر رەهەندی مێژوویی و خستنە رووی ویستگەکانی مـێژووی ئەمریکا و بە شێك لە مێژووە کەی وەك سەردێکی مێژوویی نمایش دەکرێت و زەق دەکرێتەوە.. ئەوەی ئاماژەی پێکرا لەسەرەوەو بە کورتی خرا نە روو دە کری وەك بەشێك لە رەوتی مێژوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەڵکەوتنی لە جیها ندا بکریـنە با بەتی گفتوگۆو تاوتوێ کردن .ئە گەر چی بە تەنها کۆر سێك مـێژووی چڕوئالۆزی ئەمریکا مافی تەواوی خۆی پێ نادریت بەلاّم دەشێت لەمیانەیشیدا زانیاری مێژوویی پیویست و پوخت لەبارەی ٤ سەدە لەمێژووی ئەم ولا تە سەرباری زانیاریە مێژووییەکانمان بخەین .

.11ئامانجەکانی کۆرس

١- قۆستنەوەی کۆرسەکە بۆ ئاشنا کردنی قوتابیانی خوشەویست بە مێژووی ئەوروپای ناوەراست و کاریگەری بەسەر مێژووی ئەوروپا وجیهانەوە

٢- شیکردنەوەی ڕووداوە مێژوویـیە گرنگەکان لە چوار چێوەی مێژووی ئەوروپادا فۆکۆس خستنە سەر لایەنە سیاسی و سەربازی و شارستانیەکەی

٣- خستنە رووی کاریگەری و رەنگدانەوەی پەرەسەندنەکانی ئەوروپا بەتایبەتی کاریگەری دامەزراوەی ئاینی مەسیحی و پەیوەندی و ململانێی لەگەل دەسەلاتی سیاسی.

٤- چۆنیەتی گواستنەوەی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەراستەوە بەرەو سەردەمی نوێ و بوژانەوەی ئەورپا لە روی هرزی و رۆشنبیریەوە.

٥- گرێدان و بەستنەوەی هەندی لە رووداوە مێژوویەکان بە داکەوتەی مێژوویی و سیاسی ئەمرۆمان و دەست خستنە سەر هەندی لایەنی پەیوەست بەدیوەکەی تری و لە دیدێکی فەلسەفیانەوە .

٦- هاندانی قوتیان بۆ زیاتر خۆ رۆشنبیرکردن و سوود وەرگرتن لە مێژووی نەتەوەو گەلانی بیانی وەك ولاتانی ئەوروپا و رونکا کردنەوەی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بەژیانی ئیمەشەوە هەیە.

.12ئەرکەکانی قوتابی

سەبارەت بە ئەرکی قوتابیان لە کۆرسەکەدا ، پێویستە بەربرسانە مامەلە لەگەل وانەکە بکات ، ئەویش لەرێگای ئامادەبوونی بەردەوام ، چونکە بابەتی کۆرسەکە بەشێوەیەك داریژراوە کە تێك هەلکێشی یەکترن ، زۆرجار بابەتە مێژوویەکان لە تیۆری و شێوازی دارشتن دەچێتە بواری لێکدانەوە و شیکاری بۆیە ئامادە نەبوونی قوتابی کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لە تێنەگەیشتنی لەبابەتەکە ، لەلایەکی دیکەوە لەرێگای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کە پێویستە هەموو قوتابیان تێیدا بەشدا بن ، کە ئەویش وەك پێوەرێك دادەنرێت بۆ توانا کانی قوتابی و تێگەیشتنەکانی لەبابەتی کۆرسەکە ، بێگومان سەرکەوتنی قوتابی لەوەدا جێگای خۆی دەگرێت ، کە ئەرکەکانی بە تەواوەتی جێ بەجێ بکات ،

بەشێوەیەك رۆژانە پێداچوونەوە بە بابەتەكە بكات و بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەو ژێدەرە سەرەكییانەی كە لەبابەتەكە سوودی لێ دەبینێت ، تەنها پەیوەست نەبێت بەوەی كە لە ماموستاكەیەوە پیضی دەگات ، هەروەها هەرقوتابیەك تەنها لەكاتی تاقیكردنەوەكان پێداچوونەوە بكات ، بەدلنیایەوە ماندووبونێكی بێ ئاكام دەستەبەر دەكات .

13.ڕێگەی وانە ووتنەوە

شێوازی وتنەوەی وانەو بەكارهێنانی ئامرازە پیویستەكان بەشێكن لە سەركەوتنی پرۆسەی پێگەیاندن و گەیاندنی زانیاریەكان بە وەرگر، بێگوكان بابەتە مێژوویەكان گرنگی زۆریان هەیە كە مامۆستا وابكات سەرنجی قوتبیەكان رابكشیت بو ئەو یەكەو و بابەتانەی كە نمایشی دەكات لە چوارچێوەی بابەتەكەیدا .. بۆیە گرنگە مامۆستا خۆی تەواو شارەزا بیت لەو بابەتەی كە دەیلێتەوە پاشان ئامرازی بیویستش بەكار بهێنێت بۆ زیاتر سودمەندبوونی قوتابیان و بە شێوەیەكی ئەكادیمی و هاوچەرخ وانەكان بیشكەش بكریت..

سەبارەت بە میكانیزمی وتنەوەی كۆرسەكە : بابەتەكان بە شیوەی محازەرە پێشكەش دەكرێن لەماوەی ئەمسالّی خوێندنی ئەكادیمی ٢٠١٩-٢٠٢٠ هاوكات ئەوەی بە پیویست بزانرێت لە خستنە روی نەخشەو بەلگە نامە و دۆكۆمینت وەك بەشێك لە پێداویستیەكان دەخرینە ڕوو، پراكتیزەكردنی شێوازی گفتوگۆ وئاراستەكردنی پرسیارو دروستكردنی دیالۆگ، بەكارهێنانی بەرنامەی شۆ و ئامرازەكانی گەیاندن (داتاشۆ).

14.سیستەمی هەڵسەنگاندن:

سەبارەت بە سیستەمی هەلسەنگاندن لە ماوەی كۆرسەكەدا قوتابی تا كۆتایی كۆرس ٣ تاقیكردنەوە ئەنجام دەدات بەم شیوەی خوارەوە:

- تاقیكردنەوەی یەكەم: لەسەر ١٥ نمرە و لە مانگی ٢ دەكریت
- تاقیكردنەوەی دووەم : لەسەر ١٥ نمرەو لە مانگی ٤ دەكرێت
-

دابەشكردنی نمرەكان

لە میانی سالّێكی خوێندن قوتابیان سێ تاقیكردنەوە ئەنجام دەدەن، كە هەریەك لە تاقیكردنەوەكان (١٥)نمرەیان بەردەكەوێت، پلوس (١٠) نمرە بۆ چالاكییەكانی قوتابی و و پابەندبوونی بە ڕێنماییە زانكۆییەكان و ئامادەبوونی لە هۆڵدا وئەو ئەرك و داواكاریانەی مامۆستای بابەت دەیخاتە ئەستۆی، واتە قوتابی نمرەی شایستەی خۆی لە (٤٠)ی كۆشش وەردەگرێت كە لە كۆتایی سالّدا دەخرێتە پال نمرەی بەدەست هاتوو لە تاقیكردنەوەی كۆتایی سالّ كە لە (٦٠) ئەنجام دەدرێت .

15.دەرئەنجامەكانی فێربوون

هەڵدانەوەی لایەرەكانی مێژووی ئەوروپا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونكە لانی كەم لە ئیستادا كیشوەری ئەوروپا كاریگەری لەسەر جیهان و ناوچەكە هەیە لە رووی سیاسی و ئابووری كۆمەلایەتی و فەرهەنگیەوە و ئیمەی كوردیش بێگومان بەدەر نین لەو كاریگەریانە ،دەخوازی چەردەیەك لە باكگراوندی میضژوویی كیشوەركە وەربگرین رووداو پێشهاتە سیاسیەكانو پەرەسەندنە شارستانیەكانیان تی بگەین و كاردانەوەی لە رابردودا دەرك بكەین هەروەها گەیشتن بە كۆمەلی راستی مێژوویی كە تایبەتن بە مێژووی ئەوروپا و مۆركی ئەوروپیانەی هەیە نەخاسمە لایەنە هزری و مەعریفیەكەی مێژووی ئەوروپا و رۆڵی پێشەنگە بەراییەكانی چاكسازییە ئایینی و هزریەكانی لە كۆتاییەكانی سەدەكانی ناوەراستدا ..بۆیە قوتابی لە ماوەی كۆرسەكەی چەندین پرسیاری لا گەلالە دەبیت وە لەهەمان كاتیش چەندین راستی مێژوویی وەك وەلام دەست دەكەویت .

.16لیستی سەرچاوەکان:

١- **مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئەمریکا ، د.عبدالرحمن السبعاوی، و: عماد جلال حبیب الله .**

٢- **مێژووی ئەمریکا لەکۆنەوە تا ئەمرۆ, د.ئاراس فەریق زەینەڵ .**

٣- **ڕێبازی سەرۆکەکانی ئەمریکا ,**

٤- **مێژووی ئەمریکا (سیاسی-ئابووری-جوگرافی)، د.فچل الله قورەیشی، و: عەلی حاجی زەڵمی.**

٥- **سیستەمی حیزبی لەئەمریکاو کاریگەری لەسەر سیستەمی حوکمرانی دەولەتەکە، ڤیان مەجید.**

٦- **عەقلی سەلیم، تۆماس پین، و: پیشرەو حسین.**

٧- **دامەزراندنی ئەمریکاو دەستورەکەی، بجور نلوند، و: ئەبوبکر خۆشناو.**

٨- **د.رأفت غنیمی الشیخ . امریکا والعالم فی التاریخ** الحدیث **والمعاصر،**

٩- **د.اسماعیل احمد ، معالم التاریخ الامریکی** الحدیث .

١٠- **ستیڤن ڤنسنت بنیه، امریکا ، ترجمه :عبدالعزیز عبدالمجید**

١١- **تزڤیتان تودوروڤ، فتح امریکا** ومسألة الاخر ، ترجمة: **بشیر السباعی.**

١٢- **فرنکلین أشر، موجز تاریخ الولایات المتحده، تر: مهیبه المالکی .**

١٣- **الان نیفینز، هنری ستیل کوماجر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، تر: محمد بدرالدین خلیل.**

١٤- **د. محمد محمود النیرب، المدخل فی تاریخ الولایات** المتحدة الامریکیة **حتی ١٨٧٧، ج١ .**

١٥- **د.عمر عبدالعیز عمر، دراسات فی التاریخ الاوروبی والامریکی** الحدیث.

١٦- **د.عبدالعزیز سلیمان نوار، د. محمد محمود جمال الدین، تاریخ الولایات المتحد** الامریکیة **من القرن السادس عشر حتی القرن العشرین،١٩٩٩.**

١٧- **تۆماس جیفرسن واعلان استقلال امریکا، کریستوفر هیتشنز، تر:رشا سعد زکی.**

.17بابەتەکان	**ناوی مامۆستای وانەبێژ**
(تەوەرەکانی بابەتی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) **تەوەرەی یەکەم: دۆزینەوە جوگرافیەکان لەسەردەمی نوێدا** - دۆزینەوە جوگرافیەکان و دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا - ململانی کۆلۆنیالیزمی لەسەر کیشوەرە نوێیەکان . - هۆکارەکانی کۆچکردن بەرەو ئەمریکا . - کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و دامەزراندنی داگیرگە ئینگلیزیەکان لە ئەمریکا :	**م.ی.جوامیر محمد رشید**

• نشینگەی ڤیرجینیا . / Vergeniaباشور • نشینگەی نیو هامشیر . / New Hampshireباکور • نشینگەی ماسوشیستس . / Masachustesباکور • نشینگەی ماریلاند . / Marylandباشور • نشینگەی رۆد ئایلاند . / Rod Islandباکور • نشینگەی کارۆلینای باکور . / Norht Carolinaباشور • نشینگەی کۆنیکتیکت . / Connecticutباکور • نشینگەی نیوجرسی . / New Jerseyناوەند • نشینگەی نیوئمستردام (نیویۆرك). / New Yorkناوەند • نشینگەی کارۆلینای باشور. / South Carolinaباشور • نشینگەی دیلاوێر . / Delwareناوەند • نشینگەی پەنسلڤانیا, / Pennsylvaniaناوەند • نشینگەی جۆرجیا. / Georgiaباشور **تەوەری دووەم/ گەلاڵەبوون و پێکهاتنی کۆمەڵگای ئەمریکی** ١- فراوان بوونی پرۆسەی کۆچکردن بۆ ئەمریکا . ٢- سروشتی کۆمەڵگای ئەمریکی . ٣-گەشەسەندنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمریکا پێش شۆرش . **تەوەرەی سێیەم / ململانیی ولاتانی ئەوروپی و رەنگدانەوەی لەپەیوەندیەکان لە ئەمریکادا**	

١- جەنگی ئۆکسبۆرگ ١٦٨٩-١٦٩٧ . ٢- جەنگی میراتی ئیسپانی ١٧٠١-١٧١٣ . ٣-جەنگی میراتی نەمسایی ١٧٤٠-١٧٤٨ . ٤- جەنگی حەوت ساله ١٧٥٦-١٧٦٣و پەیماننامەی پاریس . ٥- پەیوەندیەکانی ئەمریکا-بەریتانیا بەر له هەلگیرسانی شۆرش . ٦- سەپاندنی کۆت و پێوەندەکان بەسەر داگیرگەکان . ٧- باجی شەکر ٨- یاسای تاون زەند ١٧٦٧ . **تەوەری چوارەم : شۆرشی سەربەخۆیی ١٧٧٥-١٧٨٣و کیشەی یەکێتی کونفیدرالی ویلایەتەکان** ١- هەلومەرجی چەکەرەکردنی بیروباوەری شۆرش لەئەمریکا. ٢-کۆنگرەی کیشوەریی یەکەم . ٣- کۆنگرەی کیشوەری دووەم و راگەیاندنی سەربەخۆبون . ٤- هەلگیرسانی شۆرش . ٥- هەڵوێستی ولاتانی ئەوروپی له جەنگەکه . ٦- پەیماننامەی ڤێرسای و سەرکەوتنی شۆرش . ٧- هاتنەکایەی کیشەی یەکێتی فیدرالی له ئەمریکا ٨-یەکێتی فیدرالی و هاتنەکایەی (ویلایەته یەکگرتوەکانی ئەمریکا) . ١٠- دانانی دەستوور . **تەوەری پێنجەم : جێگیرکردنی پایەکانی فەرمانرەواییو فراوانخوازی هەرێمی** ١- رێکخستن و هەلبژاردنی یەکەم حکومەتی ئیتیحادی بەسەرۆکایەتی جۆرج واشنتن ١٧٨٩-١٧٩٧.	

٢-سەرۆکایەتی جۆن ئادمز ١٧٩٧-١٨٠١. ٣-ئەمریکا لەسەردەمی تۆماس جیفرسون . ٤- جەنگی (ئەمریکی – بەریتانی) ١٨١٢-١٨١٤. ٥-بنەمای مۆنرۆ . ٦- ئاندرۆ جاکسۆن و دیموکراسیەتی جاکسۆنی . ٧-فراوانخوازی بەرەو رۆژئاوا . ٨- جەنگ و رووبەرووبونەوە لەگەل هیندیە سورەکان. ٩- لکاندنی ویلایەتی تکساس . ١٠-جەنگی ئەمریکی-مەکسیکی و دەستبەسەرداگرتنی کالیفۆرنیا . **تەوەری شەشەم: جەنگی ناخۆیی (ئەهلی) لە ئەمریکا (١٨٦١-١٨٦٥)** ١- هۆکارەکان . ٢- دامەزراندنی حیزبی کۆماری و هەلبژاردنی ئەبراهام لنکۆلن ٣- هەلگیرسانی جەنگ و پەرەسەندنەکانی ١٨٦١-١٨٦٥. ٤- رزگارکردنی کۆیلەکان . ٥-هەلوێستی بەریتانیاو فەرەنسا لەجەنگەکە . ٦- کۆتایی هاتنی جەنگەکەو ئاکامەکانی . **تەوەری حەوتەم : ئەمریکا لەدوای جەنگی نێوخۆیی (بوژانەوەو سیاسەتی فراوانخوازی)** ١- هەلومەرجی نیوخۆیی لەدوای جەنگ و دووبارە بنیاتنانەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان. ٢- شۆرشی پیشەسازی و دەرکەوتنی سەندیکاکان . ٣- فروانخوازی بەرەو رۆژئاوا .	

٤-شۆرشی کشتوکالی . ٥-فراوانخوازی بەرەو رۆژئاواو جەنگە ئەمریکی –ئیسپانی . ٦- هیرشکردن بوسەر مەکسیك . **تەوەری هەشتەم: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ١٩١٤-١٩١٨** ١- ئەمریکا لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی.(بارودۆخی ناوخۆو سیاسەتی دەرەوە) ٢- هەلویستی ئەمریکا لەجەنگەکە . ٣- بریاری جونە ناو جەنگ . ٤- دەسکەوتەکانی ئەمریکا لەجەنگی جیهانی یەکەم . ٥- کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس **تەوەرەی نۆیەم: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا١٩٢٠-١٩٣٩** ١- گۆرانکارییە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان . ٢- سیاسەتی دەرەوەو زیدەبوونی دەسەلاتی ویلایەتەیەکگرتوەکان لە ئەمریکای لاتینی . ٣-ئەمریکاو قەیرانی ئابوری جیهانی ١٩٢٩-١٩٣٣. **تەوەرەی دەیەم : ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو جەنگی دووەمی جیهانی** ١- گۆرانکاریەکان و سەرەتای جەنگ . ٢- هەلویستی ویلایەتەیەکگرتوەکان لە جەنگەکە . ٣- هۆکارەکانی چوونە ناو جەنگ ٤- جەنگی ئەمریکا-یابان بەکارهینانی چەکی ئەتۆمی . ٥- دەرئەنجام و کاریگەریەکانی جەنگەکە لەسەر ئەمریکا.	

تەوەرەی یازدەهەم: ئەمریکا لەسەردەمی جەنگی سارد ١- پرۆژەی تروومان ١٩٤٧. ٢- پرۆژەی مارشاڵ ١٩٤٧. ٣-پرۆژەی ئەیزنهاوەر ١٩٥٧. ٤- جەنگی ڤیێتنام . ٥- پەیوەندی ئەمریکا- سوڤیەت لەسەردەمی جەنگی سارد.	
.18بابەتی پراکتیک) ئەگەر هەبێت(	
لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە .هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت .	ناوی مامۆستا وەک 4-3 :کاتژمێر
.19تاقیکردنەوەکان	
پ١/ أ-پێناسەی (٣) لەمانەی خوارەوە بکە: **١-رێکەوتنی میسوری. ٢- فیترەی تەندروست. ٣- ئەمریکۆ فسبۆچی. ٤- جۆن وینسرۆپ** **ب- ناوی (٣) سەرچاوەو نووسەرەکەی لەبارەی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بنووسە.** **پ٢/ أ رێکەوتی (٥) لەم رووداوانەی خوارەوە دیاری بکە:** **-یاسای هەنگوینی رەش.** **- شەری ساراتۆگا.** **- راگەیاندنی کۆنفیدرالیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان .** **- رێکەوتننامەی (گوادالوپ هیدالگو) .** **- گەڵاڵەنامەی گوڵی ئایار.**	

-کۆنگرەی کیشوەری دووەم .

ب- دەرئەنجامەکانی جەنگی ئەنگلۆ-ئەمریکی ١٨١٢-١٨١٤ چیە بیاننوسە .

ج- بەکورتی لەبارەی لکاندنی هەرێمی (تکساس) بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بدوێ .

پ٣/ أ-هۆکارەکان بخەروو :

١- ماددەکانی یەکێتی کۆنفیدرالی نەبووە یاسایەکی بنەرەتی و هەمیشەیی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆری نەبرد یاسایەکی بنەرەتی نوێ جیگەی گرتەوە .

٢- لەدوای سالی ١٧٦٣ وە هەست و بیری سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە داگیرگەکاندا سەرهەڵدەدات

پ٤/ لەسەر(٢) لەمانەی خوارەوە بدوێ :

١- لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ ەوە بیردۆزەی دەسەلاتی بیرۆکراسی و تەکنیکی لەئەمریکادا جێی خۆی دەکاتەوە.. ناوەرۆکی ئەم بیردۆزە بخە رووە.

٢- گەلاڵە نامەی سەربەخۆیی وەک گەلاڵە نامەیەکی سیاسی گرنگیەکی مێژوویی تایبەتی هەیە لە مێژووی ئەمریکادا، گرنگیەکەی چیە بیخەروو .

٣- بەکورتی لەبارەی سیاسەتی ئاوەدان کردنەوەی باشوور لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆیی بدوی .

.20تێبینی تر

لە لەخالی 13 ئاماژە بە ملزمە دەکات ، بێگومان ئەم خالە پێچەوانەی بریاری زانکۆیە کە بەهەموو شێوەیەک قەدەغەی ئەو دیاردەیەی کردووە ، بەلام لە دلنیای جۆری جەختان لەسەر کردۆتەوە ، بۆ ئاگاداریتان .

.21پێداچوونەوەی هاوەڵ

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەرۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەرۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت .